## دەنگ مەدەن بە کەس! ... هیوا بەکر

وەك هەموو ئاگادارین ڕووداوەکان زۆر بە تیژی و ئالۆزی گوزەر دەکەن و ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵ بڕیارێکی چارەنوس سازی دی ڕوو بە ڕوو دەبینەوە و وەك هەر جارێکی تریش سەرکردایەتی کوردستان لە بێنە و بەرەی ئەوەدایە کە چۆن باوەڕ بە جەماوەری کوردستان بهێنێت کە تەنها ئەوانن پارێزگاری ڕاستەقینەی کوردستان و هەموو هیوا و ئاواتەکانی تاکی کورد لەمسەری ڕاستیەوە بۆ ئەوسەری چەپی لە بەرنامەکانی ئەم دوو پارتەدا خۆی حەشارداوە و تەنها ئەوانن کە زامنی پاراستنی دەسکەوتەکانی کوردستان و پێشخستنیانن لە داهاتوودا! بەڵام ئەی دەبێت جەماوەری کوردستان چی بڵێن؟ ئایا ئەوان لەو باوەڕەدان؟! پرسیارێکە و ڕۆژانە لەسەر دەمی تاکی کورد دووبارە و سێ بارە دەبێتەوە!
لە میدیاکان و ڕاگەیاندنەکان و کۆڕ و کۆبونەوەکانی کورداندا هەموو بە یەك دەنگ دەپرسن ئایا دەبێت سەرکردایەتی کوردستان چی بکات بۆ ئەوەی باوەڕ بێنێت بەم جەماوەرە ناڕازییە و بە ڕاست ببێتە زامنی پاراستنیی کوردستان و بەدیهێنەری داوا ڕەواکانی جەماوەری کوردستان جا ئەگەر هەرچییەك بێت ئەو داوایانە؟!
ئەوەی کە مەبەستمە لەم پێشەکییە کورتەوە بیپێکم ئەو ڕاستیەیە کە سەرکردایەتی کوردستان بە بێ ئاشکرا کردن و زیاتر ڕوون کردنەوەی هێڵە گشتییەکانی سیاسەتیان لەمەڕ چارەنووسی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنی و ئازادییەکانی تاك و جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت و........ هەموو ئارێشە چارەنوس سازەکانی تر زەحمەتە بتوانن لەو کارەیاندا سەرکەوتووبن وە یان بڵێین باوەڕ بە جەماوەر بهێنن! چونکە هەموو ئەو ئارێشانە و گەلێکی تریش کە ڕۆژانە لە میدیا جیاوازەکاندا باسیان لێوە دەکرێن بوونەتە پێوەرێك بەدەست تاکی کوردەوە و ئێستا کوردان گرەوی لەسەر دەکەن و لە لای ئەوان بۆتە پێوەرێك و ئاستی کوردایەتی و نەتەوایەتی و نیشتمانی و پێشکەوتوخوازی سەرکردایەتی کوردستان و هەموو لایەنەکانی تریشی پێ دەپێون. جا دیارە سەرکردایەتییەك کە هێشتا لەسەر هەموو پەتەکان یاری دەکات و ئامادە نییە لەهەرکام لەو کێشە چارەنوس سازانەدا مل بۆ جەماوەر کەچ کات ئەبێت بە چ ڕوویەکەوە چاوەڕێی ئەوە بێت کە جەماوەر ملیان بۆ کەچ بکات و دەنگیان پێ بدات!
من لێرەدا حەز دەکەم سادەتر بدوێم و چەند نموونەیەك بهێنمەوە بۆ ئەم کێشمە کێشمەی نێوان پارتی و یەکێتی لە لایەك و جەماوەریش لە لایەك:
گەندەڵی و نەبوونی بواری ئازاد و یەکسان بۆ تاکی کورد لە باشووری کوردستان:
ئەگەر سەرکردایەتی ئەم دوو پارتە لەو باوەڕەدان کە تەنها بە بەڵێنی زل و درۆی شاخدار دەنگی خەڵکی کپ دەکەن لە ئاست ئەو هەموو گەندەڵی و بەرەڵاییە ئیداریەی کە لە کوردستاندا هەیە و ئیتر خەڵك بە بەڵێنێکی پێش هەڵبژاردن هەڵ دەخلەتێن ئەوا من دڵنیایان دەکەم کە چی دی ئەم سیاسەتەیان سەرناگرێت و هەتا دەنگی زۆرتریان لەدەست نەداوە با بە بەرنامەیەکی ڕوون و ڕەوان و ئاشکرا نیازی خۆیان بە گوفت و کردار بخەنە بەردەم جەماوەری کوردستان و پێش هەڵبژاردن بە کردەوە بیسەلمێنن کە ئەوانن پارێزەری ماف و ئازادییەکانی تاکی کورد و هاوڵاتیانی نەتەوەکانی تر لە کوردستان! ئەگەر نا ئەوا نەك هەر یەکگرتووی ئیسلامی بەڵکو دۆست و دوژمنی کورد زۆر بە ئاسانی و ڕەنگە بە پشتگیری زۆرێکیش لەم جەماوەرە ناڕازییە پێچەوانەی ئەو هاوکێشەیە بسەلمێنن.

چارەنوسی داهاتووی هەرێمی كوردستان:

(ئەوەی كە تا ئێستا پارتی و یەكێتی زۆر بە تەم مژاوی هەڵس و كەوتی لەتەك دەكەن)

وابزانم هەموو تاكێكی ئازاد و نیازپاكی كورد شاگەشكە دەیگرێت كاتێك (بەڕێز مەسعود بەرزانی) بە ڕوون و ئاشكرا دەڵێت: سەربەخۆیی تاوان نییە! بەڵام ئەوەی جێی پرسیارە ئەوەیە؟ ئایا ئەگەر تاوان نییە! ئەی باشە بۆچی كورد هێندەی دارفۆری پێ نەكرا و نەیتوانی بە بڕگەیەك لە دەستووردا ئەو مافە بسەلمێنێت؟! جا ئەگەر پاش 20 ساڵی تریش بوایە كێشە نەدەبوو! ئا لێرەدایە پرسیارەكە! یەكێتی و پارتی لەسەر جیا بوونەوەی یەكگرتووی ئیسلامی كەوتوونەتە تەقە و دەیانەوێت بە خەڵك بڵێن ئەگەر یەكگرتوو جیا ببێتەوە ئەوا مەترسی دەكەوێتە سەر ئاسایشی نەتەوەیی كوردستان و مافی چارەنوس ڕوو لە هەڵدێر دەكات! ئەی باشە كە ئێوە خۆتان ئەوەندە بە پارێزەری سەربەخۆیی كوردستان دەزانن لە جیاتی ئەم گلەیی و خۆڵ لە چاو كردنە چی دەبێت ئەگەر هەر ئێستا و پێش ئەم هەڵبژاردنە بە خۆتاندا بچنەوە و ڕێگە لە یەكگرتوو بگرن كە ئەو گۆڵە لە كورد بكات! خۆ ئێوە دەڵێن جارێ قوڕ نەگیراوەتەوە بۆ كوردستان و دەكرێت گۆڕانكاری تر لە دەستووردا بكرێت! جا ئەگەر وایە فەرموو ئەوە عەرز و ئەوە گەز، بە هەزاران هەزار دەنگی سەربەخۆ خواز هەن كە كێشەی هەرە گەورە و سەرەكییان لەگەڵ جەنابتان ئەوەیە كە ئێوە هێڵە سوورەكانتان گەلێك كاڵە و تەنانەت مێروولەش دەیبەزێنێت! دە فەرموو ئێوە ئەو مافە بە دەستوور و بەڵگە و دیكۆمێنتی نێودەوڵەتی بسەلمێنن جا ئەوسا یەكگرتوو جیا دەبێتەوە یان نا كێشەیەك نییە!! بەڵام ئێستا كە عێراق بەرەو هەڵدێری شەڕی ناوخۆ دەچێت منیش دەڵێم جیا بوونەوەی یەكگرتوو بۆنی سوننەی لێ دێت.

كەواتە كێشەكە ئەوە نییە خەڵك ڕەنگە دەنگ بە یەكگرتوو بدەن چونكە زۆرینەی دانیشتوانی كوردستانی باشوور موسڵمانن! بەڵكو كێشەكە ئەوەیە یەكێتی و پارتی هەموو خەڵكیان لە خۆیان تۆراندووە لەبەر بێ بەرنامەییان!

دیارە لەو نێوانەشدا ئەوەی كە جێگایەكی بۆ نامێنێتەوە علمانییكان و سەربەخۆ خوازەكان و كۆمۆنیستەكان و.....

باشە من خۆم بە خۆم دەڵێم: ئەی كەواتە كێ مایەوە كە دەنگ بدات؟! بە ڕاستی ئەگەر ئاوا بێت ئەوا دەنگ دەر دەخرێتە بەردەم دوو هەڵبژاردەی زۆر قورسەوە و دواجار ناچار دەبێت كە دەنگ بە كەسیان نەدات!! بەڵێ من بەش بە حاڵی خۆم ئەگەر سەرپشكم كەن لە نێوان لیستی هاوپەیمانی و لیستی یەكگرتوودا ئەوا وای بە باش دەزانم كە دەنگ نەدەم بە كەسیان.

دوو ئیدارەیی كوردستان:

ڕەنگە ئەوە زیادەڕۆیی نەبێت گەر بڵێم یەكگرتنەوەی ئەم دوو حوكمەتە بۆتە گرێ كوێرە و یەكێتی و پارتیش ڕۆژ بە ڕۆژ قەیراناوی و قەیراوانی تری دەكەن، بە شێوەیەك كە بۆتە كارێكی نەكردە و خەڵكی تەواو بێ ئومێد بوون لە چارەسەركردنی بەم زووانە! كەچی هەر هەمان بەرپرسانی ئەم دوو پارتەش بە بۆنە و بێ بۆنە جەخت لە گرنگی یەكگرتنەوە و سوودەكانی دەكەنەوە و دیسانەوە وەك هەر كارێكی گەندەڵی تریان دەیانەوێت بیكەن بە پاداشت و جەژنانە و لەگەڵ هەر زەنگی هەڵبژاردنێك و دەنگ دانێكی نوێدا بیكەنە مزگێنی و بیدەن بە گوێ ی جەماوەردا، وەك ئەوەی جەماوەر نەزان بێت و نەزانێت ئەوەی كە یەكێتی و پارتی لە بەرنامەیاندا نییە یەك گرتنە!!

ئەگەر وا نییە! ئەوا زۆر هەنگاوی ئاسان و سادە و كەم مەسرەف و دڵ خۆشكەر و مژدە بەخش هەیە كە بەندە وەك تاكێكی كورد پێشنیاریان بكات تاوەك ئەم گرێ كوێرەیە لەسەر شارەزا و لێهاتووەكانی ئەم دوو پارتە ئاسان بكات و ببێتە دەست پێكی یەك گرتنەوە! دەبێت چەند گران بێت ئەگەر یەك بەتالیۆنی سوپای یەك گرتووی كوردستان دابمەزرێت و هیچ نەبێت وەك سیمبۆڵێكیش بێت كورد شتێكی یەكگرتووی هەبێت؟! بۆچی لای پێشمەرگەكانی یەكێتی و پارتی ئاسانە لە بەتالیۆنەكانی سوپای شوومی ئێراق دا شان بە شانی سوننە و شیعە ئارەبەكانی دوژمنماندا كار بكەن! بەڵام پێیان نەنگە و سەختە لە یەك سوپای یەكگرتووی كوردستانیدا لەگەڵ هاووڵاتی و هاوزمانانی خۆیاندا كاربكەن؟!!!! بە ڕاستی شوورەییە!
خۆزگە نهێنی ئەو ئاڵایەی ئێراق لە حكومەتەكەی سلێمانی ئاشكرا دەبوو و ئیتر چی تر دۆست و بێگانەكانمان ئەوەندە ووتار و پرسیاریان لەسەر ئەم بابەتە نەدەنووسی! دەبێت هەڵكردنی ئاڵای ئێراق لە سلێمانی چەندە ڕێگربێت لەبەردەم یەك گرتنەوەی ئەم دوو نوێنەرایەتییە؟! یان بە شێوەیەكی تر دەبێت لابردنی ئەو ئاڵایە چەندە ڕێ خۆشكەر بێت لەبەردەم یەك گرتنەوە؟!
لە هەمووشی ئاسانتر و كە بە باوەڕی من كاری دانیشتنێكی هۆتێل سلێمانی پاڵاسە! یەكگرتنەوەی زاراوە حیزبییەكانی ئەم دوو زل هێزەیە: هەر لە خوێندكار/قوتابی، ئافرەت/ژن، دڵ/قودس......... هەتا هەموو دووانەكانی تر كە بوونەتە شێرپەنجە و لەسەر دەستی ئەم دوو پارتە تووش زمانی كوردی هاتوون! نازانم دەبێت پاساو چی بێت بۆ ئەم دووانەییە! ئەرێ زمانەوانێ غیرەتی نییە لایەك ڕیسوا بكات!!!!
لیدس / بەریتانیا hiwa@kurdpost. com